# گەڕانەوە بۆ کەرکوك

نەرمین عوسمان

# گەڕانەوە بۆ کەرکوک

نووسەر: نەرمین عوسمان
بابەت: کۆمەڵە وتار
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
هەڵەچن: هێرش حەمەسەلیم
نۆبەتی چاپ: ٢٠٢٢
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٣٠٠٠ دینار
چاپ: چاپخانەی کارۆ- سلێمانی

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی (        )ی ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

لە بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی نارین
بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە
ژمارە (٣٠)

# گەڕانەوە بۆ کەرکوك

نەرمین عوسمان

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

# ئینستتیوتی نارین

ئینستتیوتێکی کوردستانی، توێژینەوەیی قازانج نەویستە. کاری سەرەکی، ئەنجامدانی توێژینەوە و بەدواداچوونی پرسە هەنووکەیی و نیشتمانییە گرنگەکانە. هەروەها چاپ و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان و سازکردنی کۆڕ و سمینار و کردنەوەی خولی زانستی لەو بوارانەی کۆمەڵگەی کوردستانی پێویستی پێیەتی.

ئینستتیوتی نارین ساڵی ٢٠١٣ لە شاری سلێمانی دامەزرێنراوە.

# پێڕست


لەبری پێشەکی ........ ٩
گەڕانەوە بۆ کەرکوک ........ ١١
کەرکوک و ئاڵۆزبوونەوەی هاوکێشەکان ........ ١٥
بە کەرکوکدا بڕۆن بۆ بەغدا ........ ١٩
کەرکوک، پیلانەکان زیف دەکاتەوە ........ ٢٣
زیندووکردنەوەی حیکایەتە کۆنەکانی کەرکوک ........ ٢٧
چاوەکان کوێربوون و کەرکوکیش هەر ڕووناکی دەبەخشێت ..... ٣١
هەر لە دەوروبەری قەڵای کەرکوک بن ........ ٣٥
مووشەمووشی داعش لە دەوروبەری کەرکوک ........ ٣٩
پیلان لە خانووە کۆنەکانی کەرکوک ........ ٤٣
دایکایەتی بۆ کەرکوک لەپێناو ڕێگرتن لە تەعریبکردنی ........ ٤٧
ناسنامە کوردستانییەکەی، پێش پۆستی پارێزگار ........ ٥١
دەرفەتێک بۆ وەرگرتنەوەی کەرکوک ........ ٥٥
ئەی نووسینەکەی ناو دڵی کەرکوکییەکان چی لێدەکەن؟ ........ ٥٩
تەعریب لە عەرەفە و کوردایەتی لە بەغدا ........ ٦٣

گۆڕەکەی برایم خانی دەلۆ و سنووری کەرکوک .................... ٦٧
ئێمەش خاوەنی عەلی مەردانین................................................. ٧١
دۆکیۆمێنتکردنی چیرۆکەکانی کەرکوک.................................... ٧٥
ڕەمەزانێکی سیاسیمان پێویستە................................................. ٧٩
گفتوگۆ لەسەر شوناسەکەی ناکەین......................................... ٨٣
گەڕانەوە بۆ کەرکوک و قەرزەکانیش ئاسان نادرێنەوە........... ٨٧

## لەبری پێشەکی

### بۆچی بگەڕێینەوە بۆ کەرکوک؟

ئەو بڕوایە لای من نەگۆڕە، کەوا کەرکوک شارێکی کوردی و کوردستانییە، لەو رووەوە زۆر بەڵگە هەن، بەڵام خەڵکانێکی شۆڤێنی هەن، ئەو راستییە ناسەلمێنن، لەگەڵ ئەوەی ئەو دژوەستانەوەیە؛ نابێتە جێ گومان لای ئێمەی کورد، بەڵام ئەوە ناکاتە ئەوەی ئێمەش شۆڤێنییانە بیربکەینەوە، بەڵکو پێویستە رێڕەوی خەباتمان؛ سەرۆک مام جەلال وتەنی: نەسرەوتن تا سەرکەوتن، بەردەوام بێ.

لەبەرئەوەی رێی خەباتمان دوورە، دڕک و داڵی زۆری لەبەردەمە، بۆیە پشوودێژی هەم ئەرکە، هەمیش بەرپرسیارێتییەکی نیشتمانییە، لەبەر هەندێ کەسمان مافی خۆبوواردنمان لێی نییە.

گەڕانەوە بۆ کەرکوک بە مانای ئەوە نایە، ئێمە لە کەرکوک نین و لێی هەڵهاتووین، بەڵکو خستنەڕووی چەند سەرنجێکی دڵسۆزانەیە

کـەوا چـۆن بـۆ قـۆنـاغـی داهاتــووی شـەڕی وەرگرتنەوەی کەرکوک و پاراستنی ناسنامە کوردستانییەکەی، خۆمان مشتومالٚ بکەین، ئەگەر سەرنجەکان پێکای و سوودی هەبوو، ئەوا لەسەر خێر و ئەگەریش نا، زیانی نییە بۆ پەزەکانی کەس.

لە سۆنگەی دڵسۆزییمەوە بۆ کەرکوکی کـوردسـتــانـی، ئـەو وتــارانــەم نـووسـیـوە، مـنـەت نییە هەرگـیـز، بـەڵکو خـاکـەڕاییـانـە بەجێگەیاندنی ئەرکێکی نیشتمانییانەیە، چی بۆ کەرکوک بکەین؛ هێشتا کەمترین ئەرکمان جێبەجێکردووە.

لەگەڵ ڕێز و سوپاس

نەرمین عوسمان
٢٠٢٢/٢/١٠

# (١)
# گەڕانەوە بۆ کەرکوک

هێشتا کەرکوک و دۆزە ڕەواکەی بەشێکن لـــە مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتیی بە کۆن و نوێـــوە، دۆزەکـــە بە قۆناغـــی جۆراوجۆردا تێپەڕیـــوە، بەڵام لای کورد، حزب، ســـەرکردە و بزووتنەوەکانـــی، ســـەنتەری چارەســـەری هەموو کێشـــەکان بـــووە. نکۆڵی لـــەوە ناکەم کەمتەرخەمیـــی زۆر بەرانبـــەر کەرکـــوک کـــراوە، بەڵام نـــە گرنگیی خۆی لەدەســـتداوە

نه ســتراتیژی پشتگوێخستنی کەرکوک بووە، بەڵکو هەندێک جار ناچاری و هەندێک جاریش خۆڕێکخستنەوە بووە بۆ قۆناغی داهاتوو.

بارودۆخی ئێســتای کەرکوک ئاسایی نییە، تەعریبــی بەرنامەبۆدانــراو بەڕێــوە دەچێت، شــیعە چاوی خســتووەتە ســەر کەرکوک و دەیەوێت لە ژمارە و هەمینەی کورد و عەرەب کــەم بکاتــەوە. تورکمــان دژی گەڕانــەوەی پێشــمەرگەیە و بە دەسەڵاتی عەرەب رێگە لە گەڕانەوەیــان دەگرێــت. لە هەمــووی خراپتر؛ حزبەکانی کورد و کوردســتانی لەو شــارەدا پەرتــەوازەن و سیاســەتێکی یەکگرتوویــان نییە، تەنانەت ئێســتاش کە بەرەو هەڵبژاردنی پێشوەختەی عیراق دەچین.

راســتییەکەی، دەبــوو لە کەرکــوک حزبە کوردیــەکان یــەک لیســتیان هەبوایــە، کــە ئەمەیان نەکــرد، دەرەنجامێکی باشــی نابێت. رەنگــە هــەر لایەنێک هــۆ و بیانــووی خۆی هەبێت، بەڵام هیچیان رەوانین مادام کەرکوک و ناسنامەکەی مەترسیی تەعریبیان لەسەرە.

دەرفەتێکی دیکە هەیە من ناوی لێدەنێم «گەڕانەوە بۆ کەرکوک»، مەبەستم لەمە ئەوەیە؛ لە ئێستادا کە بانگەشەی هەڵبژاردن دەستیپێکردووە، حزبە کوردیەکان بەشێوەیەکی کاریگەر و نیشتمانییانە کاربکەن و هەوڵی بەدەستهێنانی زۆرترین کورسی بدەن، ئەمە دەبێتە هەوڵێکی باش و ئەرێنیی بۆ ئەوەی سەنگی کورد لە کەرکوک بپارێزرێت، هەروەها بۆ ئەوەش باشە دوای هەڵبژاردنەکان ئازایانە لە پەرلەمانی عیراق راستیی ئەوە بسەلمێنن کە کورد خاوەنی راستەقینەی کەرکوکە، ئەویش بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی پێکەوەژیان لەگەڵ کەمەنەتەوەکانی عەرەب و تورکمان لە شارەکەدا.

گەڕانەوە بۆ کەرکوک، دەبێت بنەمایەکی نیشتمانیی هەبێت، حزبەکان کۆببنەوە و تەنها خاڵە هاوبەشەکانی سەلماندنی کوردستانیبوونی ئەو شارە و زیاتر خزمەتکردنی کورد بکەنە بنەمای گفتوگۆکردن، هەروەها لەسەر پەیماننامەیەکی کوردستانی

ڕێکبکەون بــۆ لەبەرچاوگرتنی زۆر و کەمیی دەنگ و ڕێژەی ئەندامانی حزبەکان.

لەگــەڵ ئــەوەی مەترســیی زۆر لەســەر داهاتووی کەرکوک بەدیدەکەم، بەڵام ئاســۆی زۆریش هەیە، ئەویش گەڕانەوەی ڕاستەقینەیە بــۆ کەرکوک، بــەو مەرجەی ســتراتیژێک بۆ پاراســتنی کورد و شوناســەکەی لەو شارەدا هەبێــت. خــۆ کوردیش ئەوەنــدە بێهێــز نییە نەتوانێــت کاری گرنــگ بکات، بەڵام کێشــەکە لەوەدایە هێزی کورد پەرتەوازەیە، پێچەوانەی ئەو پەندەی کە دەڵێت «هێز لە یەکێتیدایە».

**١٩ی ئابی ٢٠٢١**

# (٢)
# کەرکوک و ئاڵۆزبوونەوەی هاوکێشەکان

تائەندازەیەکــی بــاش، لــە هەڵبژاردنــی پێشــوەختەی عیــراق، کــورد وەکــو نەتــەوە سەرکەوتنی بەدەستهێنا. بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردســتان شکســت نەبــوو کاتێــک ژمــارەی کورســییەکانی کەمیکرد، بەڵکو دۆخێکی تایبەت وایکرد ئەوە رووبــدات، ئەوەش بۆ قۆناغەکانی داهاتووی سیاسەتکردن چارەسەرکردنی قورس نییە و یەکێتی ئەزموونی هەڵسانەوەی هەیە.

بەدرێژایــی مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی عیــراق، کەرکــوک خاڵی ســەرەکیی ناکۆکیی بــووە لەنێوان کــورد و ئەوانی دیکــەدا، هیچ سیاســەت و هەوڵــی کۆتاییپێهێنانێکــی ورد نەیتوانــی ناســنامەی کوردســتانیبوونی ئەو شارە بســڕێتەوە. بەپێی هەموو ئاماژەکانیش، ســەرەڕای ئاڵۆزتربوونــی زیاتــری دۆخەکە، بەڵام ئەگەر کورد یەکگرتوو بن؛ ئەوا کەرکوک هەر بە کوردی و کوردستانی دەمێنێتەوە.

پرســی پێکەوەژیــان لەو شــارە، لە هەموو پرسەکانی دیکە گرنگترە. هیچ هێزێکی کوردی نەبووە دروشمی پێکەوەژیانی بەرز نەکردبێتەوە و نەشــیکردبێتە کردار، بۆیە سەرەڕای ستەمی زۆر لەســەر کــورد و ناســنامەی شــارەکەی، کەچــی هیــچ لایەنێک ناتوانێت بە راسیســت و خۆســەپێنەر نــاوی بهێنێت، بەڵکو سیاســەتی پێکەوەژیان لە کەرکوک دروشــمی ســەرەکی بووە و هەرواش دەمێنێتەوە.

قۆناغــی دوای هەڵبــژاردن، قۆناغێکــی ســەخت دەبێت بۆ کەرکوک، هێزە عەرەبی و

تورکمانییەکان سەرکەوتنی کورد قبوڵ ناکەن، بۆیە بەردەوام لە پیلاندان بۆ ئەوەی کێشـەی زیاتر لە شارەکە دروستبکەن، بەو هۆیەشەوە سەقامگیریی سیاسی بخەنە ژێر پرسیارەوە و بیانووش بدەنە بەسەربازگەکردنی شارەکە و لەپەناشـیدا هەیمەنەی خۆیان لەسەر کورد و کەرکوک زیاد بکەن.

لەگـەڵ هەمـوو ئەوانەشـدا، کاردانـەوەی کورد نابێت بەجۆرێک بێت دروشم و کرداری پێکەوەژیان وەلا بنێت، بەڵکو زیاتر سووربێت لەسـەری و هەوڵی ئەوە بـدات ئەوانی تریش رازی بـکات بـاوەڕ بە سیاسـەتی دروسـتی پێکەوەژیان بهێنن و کاری جدیشی بۆ بکەن.

ئاڵۆزبوونـی بارودۆخـی کەرکـوک، سـەرەتایەکی ترسـناکە بـۆ ئاڵۆزتربوونـی بارودۆخـی عیراق. بوونی هەندێک سـوننەی تونـدڕەو لەگـەڵ تورکمانـی ناسیۆنالیسـت، هەروەها بەهـۆی بوونـی ژمارەیەکی زۆری هێزەکانی حەشـدی شـەعبی، دۆخەکەیان لە مەترسـی نزیککردووەتەوە؛ مەترسـییەکە بۆ

ســەر کورد، پێکەوەژیــان، ئاوەدانی، بنیاتنانی ژێرخانــی ئابووریــی شــارەکەیە، هەروەهــا دەرفەت دەداتە ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش و گرووپە تیرۆریستییەکانی تر چالاک ببنەوە. ئەمــە دەبێتــە سەرئێشــەی زۆر بــۆ کورد و ناسنامەی شارەکە، ئەوەش دەبینم پارێزگاری کەرکوک سیاسەتێکی نادروست پەیڕەودەکات و پێکەوەژیانی خستووەتە مەترسییەوە.

لە پێکهێنانــی حکومەتی داهاتووی عیراقدا، سیاســەتی راســت ئەوەیە: ئاســاییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوک، چوونە دەرەوەی هێزی ســەربازیی عیــراق، پێکهێنانــی ئیدارەیەکــی خۆجێیــی مەدەنــی بە بەشــداری ســەرجەم پێکهاتەکان، بکرێنە مەرج، ئەگەر ئەوە نەکرێت؛ ئــەوا بارودۆخــی کەرکوک ئاڵۆزتــر دەبێت و دووریش نییە دۆخەکە لەدەست دەربچێت.

**١٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١**

## (٣)
# بە کەرکوکدا بڕۆن بۆ بەغدا

وردەوردە ئەنجامــی کۆتایــی هەڵبژاردنی پێشــوەختەی ئەنجومەنــی نوێنەرانــی عیراق دەردەکەوێــت، دەنــگ و ســەنگی لایەنــەکان ڕووندەبنەوە، بەپێی عورفی سیاســییش، هێز و کوتلــە سیاســییەکانی عیراق دەســتدەکەن بە جموجــووڵ و دانوســتاندن بــۆ پێکهێنانی حکومەتــی داهاتــووی عیراق. وەکــو هەموو کابینەکانــی تــر، کــورد بەشــێک دەبێــت لــە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی عیراق.

لێرەولــەوێ باس لە دوو ڕەوتی جیاواز بۆ پێکهێنانی حکومەتی عیراق دەکرێت، یەکێکیان ڕەوتی سەدرە کە موقتەدا سەدر سەرۆکایەتی دەکات، ئەوی تریشیان دەوڵەتی یاسا و چەند کوتلەیەکــی نزیکیــن کە دەرفەت یــان بەختی سیاسییان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ لە سەدر کەمترە.

حزبەکانــی کــوردســـتان نزیکــەی ٦٣ کورســـییان هەیە (ڕەنگە بەشێوەیەکی ڕێژەیی کــەم و زیــاد بکــەن)، کوتلەیەکــی گەورەیان لێدەردەچێــت ئەگــەر زیاتر کار لەســـەر خاڵە هاوبەشەکان بکەن و ناکۆکییەکانی کوردستان نەبەنە بەغــدا وەکو چەندینجار کراوە. بەهۆی بوونــی مەترســـیی زۆر، پێکهێنانی کوتلەیەکی کوردســـتانی خاوەن پرۆژە و بەرنامە گرنگە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی دەبینرێت ئەو کوتلەیە پێکنایەت و ئەوپەڕەکەی تەنها یەکێتی و پارتی لە پێکهێنانی حکومەتدا بەشداردەبن.

یەکێتــی و پارتــی لەئێســـتادا زۆر ناکۆکن و خاڵی جیاوازی زیاتــر کەوتووەتە نێوانیان،

بەڵام بەهۆی ئەوەی پەنجا کورسـییان هەیە، دەتوانـن هاوپەیمانێتییەکانی بەغدا سـەنگدار یان لارەسەنگ بکەن، بۆیە گرنگە بەرنامەیەکی هاوبەشـیان هەبێـت و بەهۆیـەوە مافەکانـی کورد بچەسـپێنن و کار بۆ بەدیهێنانیان بکەن، لـە سـەرووی هەموویانـەوە چارەنووسـی کەرکوک و پێشمەرگە و بودجە.

کەرکوک مەسـەلەیەکی رەوایە، سیاسەتی نـارەوا و نادروسـت بەرێـوەی بـردووە. بەدرێژایی مێژوو، هیچ یەکێک لە حکومەتەکانی عیـراق نەیانویسـتووە کەرکـوک لە دەسـتی کـورددا بێـت، رێککەوتننامـەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ش هەر لەسەر کەرکوک جیاوازیی زۆر هەبووە و دواتریـش جێبەجێ نەکرا، تەنانەت سـەدام حسـێن بۆ ئەوەی کەرکوک بۆ کورد نەبێت، کەنداوی عەرەبـی بەپێی رێککەوتنێک داوە بە ئێران.

لە راپەڕینیشدا کاتێک هێزەکانی پێشمەرگە کەرکوکیـان ئازادکرد، سـوپای عیراق هەموو هێـزی خۆی بـۆ داگیرکردنـەوەی بەکارهێنا.

دەتوانی درێژەی ئەو هاوکێشــە و سیاســەتە ڕەشــەی عەرەبــی شــیعە و ســوننە لــە دژایەتیکردنــی کەرکوک لــەوەدا ببینیتەوە؛ نە دەسەڵاتی سوننە و نە شیعەی ئێستاش ڕازی نین کەرکوک بدەنەوە بە کورد.

جێبەجێکردنــی مــادەی ١٤٠، پێویســتە یەکێــک بێت لــە مەرجەکانی بەشــداریکردنی کــورد لە حکومەتی عیراقدا. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ مەترسییەکان لەســەر کەرکوک و خەڵکەکەی زیاتــر دەبــن، تەعریــب و تەشــیعی کەرکوک بەردەوامــە و نــاوی جیــاوازی لێدەنرێــت. پێویســتە هەر لایەنێک بەشــداریی حکومەتی داهاتووی عیراق دەکات؛ بە کەرکوکدا تێپەڕێ و بۆ گەڕاندنەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان کاری جدی بکات.

**١٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١**

# (٤)
# کەرکوك، پیلانەکان زیف دەکاتەوە

پیلانـــی شــەڕ و دروســـتکردنی ناکۆکی و زیاتــر ئاگرخۆشــکردن، لەلایەن دەســـتەیەک نەیاری شـــاری کەرکوکەوە لەمێژە دانراوە و تائەندازەیەک ئامانجیشی پێکاوە. شۆڕشەکانی کورد لە ئەیلولەوە بۆ شۆڕشـــی نوێ و دوای راپەڕین، تەنانەت دوای پرۆسەی ئازادکردنی عیراقیش لە ساڵی ٢٠٠٣، دروشمیان سیاسەتی پێکەوەژیـــان و لەگـــەڵ یەکتــر هەڵکردن بووە لەبری شەڕوشۆڕ و رشتنی خوێنی یەکتر.

کەمێـک نەبێـت لـە عـەرەب و تورکمـان لـە سـنووری کەرکـوک ژیابن، بەپێـی بەڵگە زۆرینەیـان هاوردەکـراون. یەک لەدوای یەک حکومەتەکانی عیراق بە پیلانی قۆناغ بە قۆناغ هەوڵی تێکدانی دیمۆگرافیای کەرکوکیان داوە و یارییان بە ژمارە و رێژەی پێکهاتەکانیکردووە، دواترینیـان حکومەتی بەعس بوو کە بە چڕی کاری لەسـەر شوناسـی نەتەوەیی کەرکوک کرد.

پیـلان؛ درێژخایەنـە و یاریکـردن؛ تاکتیکەکەیەتـی، دوژمنانـی کـورد هـەردوو شـێوازەکەیان لەسـەر کـوردی کەرکـوک و ناسـنامە کوردسـتانیەکەی تاقیکردووەتەوە. سەرنەکەوتوون بە پلەی رەها، بەڵام کاریگەریی نەرێنیشـیان لەسـەر شوناسـی نەتەوەیـی و نیشتمانیی شارەکە و دیمۆگرافیاکەی هەبووە، پێویستە ئیتر رێگریی لێبکرێت.

سازان و پێکەوەژیان دوو چەمکی جیاوازن. بـۆ حزبەکانـی کوردسـتانی لـە کەرکـوک، نـاوەڕۆک یان بنەمای سـازان باشـترە، کەوا

دەزانــن مەترســی زۆر لەســەر شــوناس و دیمۆگرافیای شارەکە هەیە و هێشتاش لە زۆر شــوێن و وێستگەدا هەڵوێســتیان دژ بە یەکە. ململانێــی حزبــی بەشــێکە لە ژیانی سیاســی و ئازادییە سیاســییەکان، بــەڵام بۆ کەرکوک دەبێت شێوازێکی جیاوازتری هەبێت و نەگاتە مریشکە رەشە.

چەمکی پێکەوەژیانیش بۆ دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشــەکانی نێــوان پێکهاتەکانە، ســەرۆک مــام جــەلال زۆر جەختــی لەمە دەکــردەوە، بــۆ کوردیــش باشــترە لەگــەڵ پێکهاتەکانــی دیکەدا بەئاشــتیانە بژی، کێ ناڵێت ئەوە نابێتە دەرفەتێــک بــۆ سەرنجڕاکێشــانی جیهــان و خەڵکــی پێکهاتەکانی تر بۆ ئەوەی پشــتیوانی کوردبــن و سیاســەتیان بکەوێتــە خزمەتــی پرۆژەی کوردیەوە.

کورد کە پێکهاتەی ســەرەکیی شــارەکە و خاوەنی ئەســڵیی کەرکوکە، بەشــێکی زۆری سیاســەتە رەگەزپەرســتییەکانی مێــژووی دوورودرێژی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی

عیراقــی بەرانبەر کەرکوک زیف کردووەتەوە. زیفکردنەوەی سیاسەتی ستەمکاران بەرانبەر کورد، ئاســان نەبووە و نابێــت، بەڵام بەهۆی ئــەوەی حەق لای کــورد بووە و سیاســەتی رەگەزپەرســتیی بەرانبەر ئەوانــی تر پەیڕەو نەکراوە، بۆیە هەمیشە کورد و کەرکوک پیلان و یارییەکانی ئەوانیان زیف کردووەتەوە.

**١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١**

# (٥)
# زیندووکردنەوەی حیکایەتە کۆنەکانی کەرکوک

کەرکـوک شـارێکی دێرینـە و لـە هەمـوو قۆناغەکانـی ژیانیـدا، بەتایبـەت لـە سـەردەمی شەڕی جیهانی و سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقەوە زیاتر چاوی کەوتووەتە سەر و بووەتە جێگە سـەرنجی هێزە ناوخۆیـی، هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییـەکان، تەنانـەت ئـەوەش راسـتە کە دەوترێـت رێککەوتننامـەی ١١ی ئـازاری ١٩٧٠ بەشی زۆری بەهۆی کەرکوکەوە جێبەجێ نەکرا.
لە چوارچێوەی ژیانی سیاسیی کوردستان

و عیراقـدا، کەرکـوک بووەتـە حیکایـەت، بە لای کوردەوە ئەو حیکایەتـە حەقیقەتی هەیە، ئەویش ئەوەیە بە بەڵگەی مێژوویی شـارێکی کوردی و کوردسـتانیە، بـەڵام بە لای ئەوانی ترەوە حیکایەتێکی دروستکراوە و رەنگی پارە و بۆنی نەوتی گرتووە.

لـە ژیانـی کۆمەڵایەتـی و رۆشـنبیریی کەرکوکـدا، زیاتر لە تەنگەژە و شـەڕ و شـۆڕ؛ پێکەوەژیان و لێکتێگەیشـتن بینراوە. راسـتە لە هـەر نەتەوە و پێکهاتەیەکـی ئایینیی کەرکوکدا خەڵکی دەمارگیر هەبووە، بەڵام ئەگەر سیاسەتی راسیسـتی، پیسخۆریی ئابووری، بەرژەوەندیی وڵاتانـی زلهێـز و هەرێمایەتـی نەبووایە؛ ئەوا کەرکوک حاڵی وەکو حاڵی ئێستا نەدەبوو.

کـورد و تورکمان دراوسـێی یەکتربوون؛ شـەوچەرەی زستان، بەشداریکردن لە بۆنەی خۆش و ناخۆشـی یەکتر، درێژکردنی دەستی هـاوکاری لە کاتی تەنگانەدا، بەشـێکی جوانی ژیانی شارەکە بوون.

زیاتـر کـورد نەتـەوە سـتەملێکراوەکەی

کەرکوکە. زۆرینەی زۆری عەرەبی کەرکوک، هاوردەکــراون. تورکمــان ئەســڵ نین و کاتی خۆی زۆریان بوونەتــە فەرمانبەری دەوڵەتی عوسمانی، بەرژەوەندییان وای خواستووە ناو لە خۆیان بنێــن تورکمان. ســەرەڕای ئەوەی بەهــۆی زروف و زەمانــەوە زیاتــر کــورد هاوکاریکــردوون، بــەڵام لــە پێش پرۆســەی ئــازادی و دوای رزگارکردنــی عیراقیشــەوە، زۆرینــەی سیاســییەکانیان دژی پــرۆژەی کوردســتانی لــە کەرکوک وەســتانەوە، بەڵام تورکمانــی زۆریــش هەن دۆســتی کوردن و دەزانن حیکایەتی کورد لە کەرکوک راســتە و ئەوانی دوو نەتەوەکەی تر دروستکراون.

ئــەو عــەرەب و تورکمانانــەی پێــش دروســتبوونی دەوڵەتی عیراق لە ساڵی ١٩٢١ لەنــاو کەرکــوک و دەوربــەری جێگیرکراون، بوونــە واقیعی حاڵ و دەبێت مامەڵەیان لەگەڵ بکرێــت، بــەڵام ئــەو عەرەبانەی بەمەبەســتی گۆڕینــی نەخشــەی دیمۆگرافیــی شــارەکە و بــە پــلان هێنراونەتــە کەرکــوک، هۆکاری

دروستکردنی کێشەی زۆرن و بەردەوام ئاژاوە دەنێنەوە.

پێکەوەژیانی نەتەوەکانی کەرکوک، پێویستی بە زیندووکردنەوەی حیکایەتە کۆنەکانە؛ حیکایەتی دۆستایەتی لەبری دوژمنایەتی، خۆشەویستی لەبری رق، بەختەوەریی لەبری شەکەتی، رێککەوتن لەسەر ئاوەدانی و جوانترکردنی کەرکوک لەبری خوێنڕشتن و پەرتەوازەبوون، کە هەموو لایەکیش دەزانن هەر خەڵکی شارەکە زیانی لێدەکات.

دەرفەتی باش هەیە بۆ ئەوەی نەتەوەکانی کەرکوک و پێکهاتە ئایینییە جیاوازەکانی شارەکە، تەنها لەبەر داهاتووی خۆیان و شارەکەیان بگەڕێنەوە بۆ زیندووکردنەوەی حیکایەتی ئەو ساڵانەی زیاتر رێزیان لەیەکتر دەگرت و ژیانیشیان خۆشتربوو لەوەی ئێستا کە شارەکە بۆنی خوێنی لێدێت.

**٢٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١**

# (٦)
# چاوەکان کوێربوون و کەرکوکیش هەر رووناکی دەبەخشێت

چەندین نــەوە لە دوژمنانی کەرکوک هاتن و رۆیشــتن، کەرکوکیــش هــەر لــە جێگــەی خۆی مــاوە، ئەمە راســتییەک دەســەلمێنێت: ئــەو چاوانــەی بەناحەق لەســەر کەرکوکن و دەیانویســت ناســنامەکەی بدزن؛ کوێر بوون، کەچــی لای کــورد کەرکــوک هــەر قودســی کوردستانە و سەرەڕای بوونی کێشەی زۆری بۆ دروســتکراو، بــەڵام کورد دەســتبەرداری کەرکوک نەبووە و ناشبێت.

رژێمی بەعس، بە بەرنامە بۆ ماوەی زیاتر لە ٣٠ ســاڵ سیاســەتی تەعریب و تەبعیســی لەسەر کەرکوک تاقیکردەوە؛ ناوی شەقامەکانی دەگۆڕی و وێنەی سەدامی لەسەر دیوارەکان دەنەخشاند، بەرگی هەر کتێبێکت هەڵبدایەتەوە وێنەی سەرۆکی فەرماندە «سەدام حسێن»ی لەســەر بــوو، تەنانــەت مــەڕ و مریشــکی لە وڵاتانــی عەرەبییەوە دەهێنا، فەلەســتینییەکانی دەکردە سەرباز و کوردی پێدەکوشتن، کەچی نەیتوانــی ئاواز و مەقامێکی شــوکر خەیات و گۆرانییەکــی ســەلاح داودە و عەلــی مەردان لــە گوێچکــەی کوردی رەســەنی ئەو شــارە دەربهێنێت. ٣٠ ساڵ سیاسەتی تەبعیس نەبووە هــۆی ئەوەی کــوردی کەرکوک «موطنی» لە دڵــەوە بڵێنەوە، کەچی هەزاران کورد هەبوون بە دزییەوە گوێیان لە «ئەی رەقیب» دەگرت، بۆ مامەڕیشــە دەگریان و گۆرانییەکانی ئازاد هەورامییان دەوتەوە.

بەعســی ســەدام و عیراق، دیکتاتۆریەتیان تێپەڕانــد و سیاســەتێکی تۆتالیتارییانەیــان

لەسەر کورد تاقیکردەوە، ئەمە نەک هەر کوردی نەترساند، بەڵکو لە وەڵامی بەعسدا شۆڕشی کورد بڵێسەی سەند و پێشمەرگە دەچوو لەناو کەرکوکدا بەعسییە دڕندەکانی سزا دەدا.

لە پاڵ چەک و قەڵەمدا، کە دروشمی یەکێتی و شۆڕشی نوێ بوو، هونەر و یادگارییەکانی ناو ماڵانی کەرکوکیش ئیشی خۆیان دەکرد، ئەوان دەیانوت مادام تەلەڤزیۆنەکانی بەعس هەر دەیانەوێت گوێ لە گۆرانیبێژەکانی بەعس بگرین، ئێمە پێچەوانەی ئەوە دەکەین و شاباشی دەنگی سەلاح داودە دەکەین. لە رۆژی شەهیدبوونی مامەڕیشەدا جلی رەش لەبەردەکەین. مادام ئاگرکردنەوەی نەورۆزیش قەدەغەیە، ئێمە لە دڵماندا یادی ساڵی نوێی کوردی دەکەینەوە.

٣٠ ساڵ بەعس هەرچیکرد، هەر نەیتوانی رووناکیی کەرکوک لە دڵی کەرکوکییەکاندا بکوژێنێتەوە. راپەڕین کرا و چاوی بەعسییەکان کوێربوو و کەرکوک ئازادکرا، ئێستاش کە

بارودۆخەکـــە خراپـــە لەو شـــارە، هیـــوا هەیە و کاریـــش دەکرێت بۆ گەڕانـــەوەی کەرکوک بۆ ســـەر نەخشـــەی کوردســـتان... ڕووناکیی کەرکوک ناکوژێتەوە.

**٣١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١**

# (٧)
# هەر لە دەوروبەری قەڵای کەرکوک بن

قـەڵای کەرکـوک، بەپێـی سـەرچاوەکانی مێـژوو، تەمەنـی نزیکـەی پێنج هەزار سـاڵ دەبێت. لای ڕێکخراوی یونسکۆ گرنگیی زۆری هەیە، بۆ کورد و کوردستانیش ڕەمزە و زۆر جار خۆڕاگری و نەڕووخان بە قەڵای کەرکوک بـەراورد دەکرێـت. بەعـس و هاوبیرەکانـی زۆریـان هەوڵـدا ناسـنامەکەی بشـێوێنن، تورکیاش بەردەوام چاوی لەسەر کەرکوکە بە

موسڵیشەوە، بەڵام کەرکوک پەیوەستبوونێکی تەواوەتـــی بە کــورد و مێژووەکەیەوە هەیە و هەر هیی کوردیش دەبێت.

کۆبوونـــەوە لــە دەوری قــەڵای کەرکوک، بــۆ کــورد مانــای تایبەتی و جیــاوازی هەیە، بەتایبەت لە بۆنە نەتەوەیی و نیشــتمانییەکاندا بــە هەڵکردنی ئاڵای کوردســتان لەســەری و نەعرەتەی مارشـــی نەتەوەیـــی ئەی رەقیب کە دوژمنانی کورد زۆر پێی قەڵسدەبن.

راســتە کەرکــوک هێمــای خۆڕاگــری و بەرگریـــی قارەمانانەیــە لە مێــژووی کورددا، بــەڵام بانگەوازی ئاشتیشـــی لێــوەدراوە، هەر لەوێشـــەوە دروشـــمی پێکەوەژیانی نەتەوە و پێکهاتــە ئایینییەکان وتراوەتــەوە. لە بەهێزی و بێهێزیشـــدا، نەتــەوەی کــورد لــەو شــارە، لەگەڵ ئەوەی خاوەن پرســێکی رەوا و راست بووە، بەڵام بــەردەوام دەســتی پێکەوەژیانی درێژکــردووە ئەگەرچـــی هەندێکجــار خەڵکی تــر ئەوەیــان وەکــو بێهێــزی ســەیرکردووە و ویســتوویانە فرســەت لــە کــورد بهێنن و قەڵاکەشی تەعریب بکەن.

بە سەربازگەکردنی سیمای کەرکوک و هەڵدانی ئاڵای عیراق لەسەر قەڵاکەی، کە دەبوو ئاڵای کوردستانیشی لەگەڵ بووایە، هەنگاوێکی نەرێنییە بۆ بەردەوامیدان بە سیاسەتی تەعریب و سڕینەوەی شووناسی کوردی و خاوەنە رەسەنەکەی. دەیانەوێت قەڵای کەرکوک لە هەناسەکانی خاوەنە رەسەنەکەی خاڵی بکەنەوە و ئەوەی بە رژێمەکانی پێشوو نەکرا، ئەمان بەناوی پاراستنی ئەمنیەتی شار و خەڵکەکەی و مەترسییەکانی داعشەوە، تەواوی بکەن.

قەڵاکەی کورد و کەرکوک مەترسیی گەورەی لەسەرە، سەرەڕای دەورەدانی بە بیری شوڤێنی و داگیرکەرانە، دەستی ئاوەدانیشی لێدوورە و نەتوانراوە وەکو شوێنێکی گەشتیاریی بەکاربهێنرێت و سوودی بۆ خەڵکی شارەکە هەبێت، کە ئەوەش کەمتەرخەمییەکی چەند ساڵەیە و پێویستە خەمی لێبخورێت.

لە رووی سیاسیشەوە، کۆبوونەوە لە دەوری کەرکوک، یانی کۆبوونەوەی

حزبەکانی کوردستان، وەلانانی جیاوازییەکان، وازهێنـــان لـــە بیـــری تەســـکی حزبایەتـــی و کۆکبـــوون لەســـەر بەرنامەیەکی نیشـــتمانیی بۆ ئەوەی شووناســـی کەرکـــوک و قەڵاکەی بپارێـــزن و پـــرۆژەی تەعریبـــی کەرکـــوک و قەڵاکەی شکست پێبهێنن.

**٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١**

## (٨)
# مووشەمووشی داعش
# لە دەوروبەری کەرکوک

لە سەرەتای هاتنی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام (داعش)ەوە، ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە، چاوی بڕیوەتە داگیرکردنی کەرکوک، بەڵام نەک هەر بۆی نەکرا، بەڵکو گورزی کەمەرشکێنیشی بەرکەوت، ئەویش لەسەر دەستی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان.

بەهۆی دەوڵەمەندیی خاکەکەی بە نەوت، داعش و هاوبیرەکانیان، تەنانەت حوکمڕانانی

سـەرەتای دروسـتبوونی دەوڵەتی عیراقیش، تائێستا هەریەکە و بەشـێوەیەک ویستوویانە ناسـنامەی کەرکوک بگـۆڕن و داگیری بکەن. زۆر کارەسـاتیان بەسـەر کەرکوکـدا هێنـا، بەڵام بۆ بێدەنگکردنی شـاییلۆغانێکی عەرەبی هاوردەکـراو؛ تەنها مەقامێکـی عەلی مەردانی بەسبوو.

دوای جێگیرکردنـی هێزەکانـی سـوپای عیـراق و حەشـدی شـەعبی لـە کەرکوک و دەوروبەری، چەکدارانـی داعش لەو ناوچەیە مووشەمووشـیانە و لە پێچوپەناوە پەلاماری سـوپای عیراق دەدەن. پێشـتریش کردەوەی تیرۆریسـتییان ئەنجامـدەدا، بـەڵام بەهـۆی بوونـی هێزەکانی پێشـمەرگەوە نەیاندەتوانی زیانـی زۆر بـدەن، هەروەهـا کوردیـش لەو ناوچەیە نیو هێندەی ئێسـتا مەترسیی لەسەر نەبوو.

جێگیرکردنەوەی پێشـمەرگە لە کەرکوک، زیاتر لە کورد بۆ کەرکوکییەکان و گوندەکانی دەوروبـەری سـوودی هەیـە، هەروەهـا

ناسنامەی قەڵاکەش بۆ خاوەنە ڕەسەنەکەی دەپارێزێت، چەکدارانی داعشیش وەکو ئێستا مەترسیی گەورە دروستناکەن.

ڕاستییەکەی، بوونی داعش لە کەرکوک و دەوروبەری، هەر ئەو چەکدارانەنین کە دەبینرێن، بەڵکو بیر داعشەکانیش مەترسیی گەورەن و هاوکارێکی باشیانن، ئیتر هەیە بە نان و هەیە بە ئاو و هەشە بە زانیاری و پارە هاوکاریانن، ڕێگەی چالاکییان بۆ دەکەنەوە و هەلیان بۆ دەڕەخسێنن هێرشبکەنە سەر هێزەکانی سنووری کەرکوک.

گەڕانەوەی پێشمەرگە کە داواکارییەکی ڕەوای هەرێمی کوردستان و کەرکوکییە ڕەسەنەکانە، دەبێتە خاڵی بەهێز بۆ قووڵترکردنەوەی پرسی پێکەوەژیان لە شارەکە، هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانیش پارێزراوتر دەبن و بەئازادانە سرووتە پیرۆزەکانی خۆیان جێبەجێدەکەن.

**١٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١**

## (٩)
## پیلان لە خانووە کۆنەکانی کەرکوک

لە شاری کەرکوکی کوردستان، هاوشێوەی شارەکانی دیکە، ژمارەیەکی زۆر خانووی کۆن هەیە. بەگوێرەی زانیارییەکانی ماڵپەڕی «کەرکوک ناو»، لە بارودۆخێکی فەرامۆشیدان. تەمەنی هەندێکیان نزیکەی ١٥٠ ساڵە و هەشیانە مێژووی دروستکردنی بۆ پێش ١٠٠ ساڵ دەگەڕێتەوە. ئەمانە هاوشێوەی نەوت سەرمایەیەکی گرنگن. لە

وڵاتانی پێشـــکەوتوو بەشـــێوەیەکی ڕێکوپێک نۆژەن دەکرێنەوە و وەکو پرۆژەی گەشتیاری بەکاردەهێنرێن. بەداخەوە، لە کوردســـتان ئەو مێژووە گرنگە فەرامۆش کراوە.

مێـــژووی شـــاری کەرکـــوک، بەشـــێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خانووە فەرامۆشـــکراوانە، بـــاب و باپیرانـــی چەنـــد نـــەوەی ئێســـتای شـــارەکە بەدەســـتی خۆیان ئەو خانووانەیان دروســـتکردووە و بە ســـادەیی تیایـــدا ژیاون، جەوری زەمانەش نەیتوانیوە ژیانیان تێکبدات. ســـتەمی زۆریان لەســـەر بووە، بـــەڵام چونکە ڕۆحیان نووسابوو بە خاکی ڕەسەنی خۆیانەوە، لەسەر ئەو خانووە قوڕانە دەشکوژران، کەچی خانـــوو و ژیانیان نوێدەکردەوە و ناســـنامەی خۆیان و نەتەوەکەشیان پاراست.

بۆ پاراســـتنی ناســـنامەی کوردستانیەکەی کەرکـــوک، ڕێگریکردن لە لەناوچوونی خانوو، مزگەوت، خان و هەموو شوێنەوارە کۆنەکان ئەرکێکی گرنگە، حکومەتی ئێستای عیراق هەر لەبیری ئەوەشدا نییە، پارێزگاری کەرکوکیش

لەبری ئاوەدانکردنەوە حـەزدەکات بڕووخێن یـان بیڕووخێنن، تەنها لایەن کە گرنگە هەوڵی پاراستنی بدات؛ کوردە و تائێستاش ئەو ئەرکە جێبەجێ نەکراوە.

بنیاتنانی خانووی نوێ لەسـەر شـێوازی تەلارسـازیی ئێسـتا و وڵاتانی پێشـکەوتوو، لەلایەن دانیشـتوانی کەرکوک و هەر شارێکی دیکەی کوردستانەوە گرنگ و پێویستە، بەڵام ئەرکێکـی گرنگە کە مێژوو و شـوێنەوارەکان بپارێزرێـت، بەتایبـەت لـە شـوێنێکی وەکـو کەرکوک کە مەترسی گەورەی لەسەرە.

لە کەرکوکی کوردستان، شێوەی ژیانکردن، پاراستنی ئاسەوار و شوێنەوار و پێشکەوتنی بۆ کورد جیاوازە، ئەوان چاویان لە نەوتەکەی و وێرانکردنێتـی، چونکـە دەزانـن زوو یـان درەنـگ دەبێـت لێی بـڕۆن. ئـەوان رقیان لە ناوی کـوردی، مێژووی کـورد و کولتووری کوردیـە، تەنانـەت بۆیـان بکرێـت مێـژووی کوردیـش تەعریـب دەکەن. ئەوە سروشـتی مێژووی چەندین سـاڵەیانە لەسـەر کەرکوک،

تەنانەت چاویشیان لە خانووە کۆنە گڵێنەکانی کەرکوکە، بۆیە چارەسەر ئەوەیە هەموو لایەک کار بۆ پاراســتنی بکــەن، پیلانی داگیرکردن و لەناوبردنی کورد هەڵبوەشێننەوە.

**١٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١**

# (١٠)
# دایکایەتی بۆ کەرکوک لەپێناو ڕێگرتن لە تەعریبکردنی

ڕێگرتن لە پرۆسەی تەعریب کە مێژوویەکی دوورودرێـژی هەیـە، کاری هەمەلایەنـەی دەوێـت، دوژمنانـی کـورد چەندیـن دەیەیـە ژەهری تەعریب لە کەرکوکی کوردان دەڕێژن، سەرەڕای ئەوەی زۆر شتیان بۆ چووەتە سەر، بەڵام ناسنامە کوردیەکەی هێشتا پارێزراوە و خەبات لە دژی تەعریبچییەکانیش بەردەوامیی هەیە.

لەبەرئـەوەی ڕێگرتـن لـە تەعریبکردنـی کەرکـوک ئەرکێکی پیرۆزە و کاری پێکەوەیی دەوێـت، کەواتـە ئەرکی سـەر شـانی ژنانی کەرکوکیشـە وەکـو هەمیشـە پێشـەنگبن و دایکایەتـی بۆ کەرکوک بکەن؛ هەر وەک چۆن لـە ئەنجامدانـی ئەرکـی پیـرۆزی دایکایەتیدا سـەرکەوتوو بـوون و چەندین پێشـمەرگە و ڕۆڵـەی قارەمانیان بۆ کوردسـتان پەروەردە کردووە.ئەرکـی کچـان و ژنانـی کەرکـوک لـە پرۆسـەی ڕێگریکـردن لـە تەعریبکردنی کەرکوکدا، هەمەچەشـنەیە و لە چەند خاڵێکدا کۆیان دەکەمەوە:

- پەروەردەکردنـی تەندروسـت، ئەرکـی سـەرەکیی بـاوک و دایکـە، ڕوونیشـە لـە زۆربـەی کۆمەڵگـە پێشـکەوتوو و تەنانـەت دواکەوتووەکانیشدا بەزۆریی دایک ئەو ئەرکە سەرەکییەی دەکەوێتە ئەستۆ، واتە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسـەر چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵەکانـی دەبێـت. لێـرەوە ئەرکـی دایـک دەسـتپێدەکات دژی تەعریبـی کەرکـوک؛

پەروەردەکردنێکی کوردانە، فێرکردنی زمانی کوردی بە باشی، وردە وردە لەگەڵ گەورەبوونیشدا فێری ئاکاری مرۆڤانە و براوبوون بە پێکەوەژیان و کوردایەتی بکات. بەو شێوەیە وردەوردە کوردێکی کوردپەروەر لە دژی تەعریب گەورە دەبێت و دەبێتە کارەکتەرێکی ئازا لە رووبەڕووبوونەوەی تەعریبدا.

- خانمە مامۆستا کوردەکانی کەرکوک دەبێت قۆناغی دووەمی ئەرکەکە تەواوبکەن، لە باخچەی ساوایان، قوتابخانەی سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی و تا کۆتایی، رەوشتی کوردانە و چۆنیەتی وەستانەوە لە دژی پرۆسەی تەعریب فێری خوێندکارەکانیان بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بیری مرۆڤدۆستی و پێکەوەژیان لای خوێندکارەکانیان خۆشەویست بکەن و هانیانبدەن بۆ ئەوەی دووربکەونەوە لە توندوتیژی.

- کچان و ژنانی کوردی کەرکوک، لە رێگەی بەشداریکردنیان لە رێکخراوەکانی خوێندکاران،

لاوان و ڕێکخراوەکانی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنی، مەترسییەکانی تەعریبکردنی کەرکوک باسبکەن و کارێکی وا بکەن گەنجان جۆش بدەن لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پرۆسە مەترسیدارەدا.

خانمان لە ماڵ، قوتابخانە، فەرمانگە جیاوازەکان، بارەگای حزبەکان، بازاڕ و شوێنە گشتییەکان ئامادەییان هەیە، بۆیە دەتوانن هەریەکەیان لە شوێنی خۆیەوە ڕووبەڕووی پرۆسەی تەعریب ببێتەوە، نەوەستێ و پشوو نەدات لەپێناو پاراستنی ناسنامەی کەرکوکی کوردان. خانمان لە رابردوودا زۆرینەی ئەو ئەرکانەیان بەجێگەیاندووە، ئێستا قۆناغی نوێی تەعریب هەیە و پێویستە خانمانی کەرکوک لەو پێناوەدا هەوڵەکانیان چڕتربکەنەوە.

**٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١**

## (١١)
# ناسنامە کوردستانیەکەی، پێش پۆستی پارێزگار

ناسنامەی کوردستانیبوونی کەرکوک، زیاتر پێویستی بە پاراستنێتی وەک لە سەلماندنی، بۆ ئەوەی بە بەڵگەی خۆشیان بێدەنگیان بکەیت، بڕۆ ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانی، هەرچەندە ئەوانیش چاویان لە خێروبێرەکەی بووە، بەڵام کەمتر بانگەشەی تورکبوون یان عەرەبیبوونی شاری کەرکوکیان کردووە. سەرۆک مام جەلالیش

له مورافه‌عـــه گه‌وره‌كـــه‌ی ئه‌نجومه‌نی حوكم له دوای پرۆســـه‌ی ئازادیی عیراق، ناسنامه‌ی كوردســـتانیبوونی كه‌ركوكی بیر ئاماده‌بووان هێنایه‌وه، كه خۆشیان بیریان بوو، به‌ڵام وه‌كو ده‌رفه‌تێک ده‌یانویست ناسنامه راسته‌قینه‌كه‌ی بشێوێنن.

ده‌ركـــه‌وت مـــاده‌ی ١٤٠ «مه‌گـــه‌ر لـــه كاتـــی خۆیدا جێبه‌جـــێ بكرایه» چاره‌ســـه‌ری دۆزی ره‌وای كه‌ركـــوک نـــاكات، دواخســـتنی جێبه‌جێكردنیشی بارودۆخی كه‌ركوكی ئاڵۆزتر كرد. ئه‌وه‌تا ده‌بینین ماوه‌یه‌كه ناوبه‌ناو باســـی هه‌مواركردنـــه‌وه‌ی ده‌ســـتووری هه‌میشـــه‌یی عیـــراق ده‌كرێت و مـــاده‌ی ١٤٠یش له هه‌موو ماده‌كانی دیكه زیاتر چاوی زۆرینه‌ی شیعه و سوننه‌ی له‌سه‌ره.

حكومه‌تی عیراق، ریفراندۆمی سه‌ربه‌خۆیی كوردســـتانی وه‌كو بیانوو بۆ داگیركردنه‌وه‌ی به‌كارهێنـــا و داگیریشـــیكرده‌وه. لـــه جـــاران خراپتر و به به‌رنامه پرۆسه‌ی ته‌عریب شاری كه‌ركـــوک ده‌ســـتیپێكردووه‌ته‌وه، هه‌روه‌هـــا

بەسەربازگەکردنی شارەکە و دەوروبەریشی بووەتــە کاریگەریــی ڕۆژانەیــان و چالاکییەکانی ڕێکخراوی تیرۆریســتی داعشیش بیانوویەکی باشــە بۆ ئــەوەی ئــەو کارە بکــەن. نەبوونی هێزەکانی پێشــمەرگە لەو ناوچانە، هەڵوێستی کــوردی لاوازکــردووە و ئەگــەر خەمێکی لێ نەخــۆن، ئــەوا زۆر نابــات تەعریب ســیمای شارەکە بەتەواوی دەشێوێنێت.

بوونــی پارێزگارێکــی کورد لــە کەرکوک، گرنگــی و کاریگەریــی خــۆی هەیــە، بــەڵام بەتــەواوی ناتوانێــت ڕێگــە لــە تەعریبــی فراوان بگرێــت، بەڵکو گەڕانــەوەی هێزەکانی پێشــمەرگە، چالاککردنەوەی هەوڵەکانی کورد و جۆشــدانەوەی ڕۆحی کوردایەتی، هەروەها دانانی ستراتیژێک لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئەنجامدانی چەندین پرۆژەی نەتەوەیــی و ڕۆشــنبیریی، هەنــگاو و کاری گرنگن و دەبێت ئەنجامبدرێن.

پارێزگاری کورد، هێز و پاڵپشتیی دەوێت. قۆناغــی یەکەمی ئــەو کارە ئەوەیە حزبەکانی

کوردستان بەرژەوەندییەکانیان بەلاوە بنێن و ڕۆژێک زووتر پارێزگارە عەرەبەکەی ئێستا کە بەشێکی سەرەکییە لە ئازاردانی کورد و جێبەجێکەری پرۆسەی تەعریب، دووری بخەنەوە و سیاسەتی پێکەوەژیان پەیڕەوبکەن و ناسنامەی کوردستانیەکەشی بپارێزن.

گەڕانەوە بۆ کەرکوک، بریتی نییە لە وەرگرتنەوەی پۆستی پارێزگار لەلایەن کوردەوە؛ پێش ئەوە گەڕانەوەی پێشمەرگەیە بۆ سنووری پارێزگای کەرکوک، دواتر پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی کراوەی ڕۆشنبیری، ئابووری و پەروەردەیی کە پاڵپشتی پاراستنی ناسنامەی کوردستانیبوونی کەرکوک بکات و تەعریبی نەگریس نەک بووەستێنێ، بەڵکو ئاسەوارەکەشی بسڕێتەوە. باشترە هەرچی زووە ئەو هەنگاوانە بنرێن.

**١٢ی کانووی یەکەمی ٢٠٢١**

# (١٢)
# دەرفەتێك
# بۆ وەرگرتنەوەی کەرکوك

کەرکـوک، تائاسـتێکی زۆر لـە رووی کارگێڕییەوە لە دەست حکومەتی عیراقدایە، لە ساڵی ١٩٢١یشەوە تا ٢٠٠٣ هەروا بووە، بەڵام نەتوانرا ناسـنامە کوردستانییەکەی بسڕێتەوە و لە پرۆسەی ئازادیی عیراقدا کەوتەوە دەست خاوەنە راسـتەقینەکەی؛ کورد وەک نەتەوە و کوردستانیش وەک قەوارەیەکی دانپێدانراو.

ریفراندۆمـی سـەربەخۆیی، مافـی ڕەوای کورد بوو، بەڵام زۆر هۆی بابەتی، دەوروبەر و نێودەوڵەتـی، بوونە باعیسـی لەدەسـتدانی کەرکـوک. ئەمـە کۆتـا قۆناغـی خەباتکردن بـۆ وەرگرتنـەوەی کەرکـوک نییـە، بەڵکـو دەبێـت خەبـات و جۆشـدانەوە بـۆ کەرکوک بەردەوامبێت بێ هیچ سازش و نەویبوونێک.

بەدرێژایـی مێـژووی بزووتنـەوەی کوردایەتـی، وەرگرتنـەوەی کەرکـوک لـە داگیرکـەران، ئامانـج بـووە، کـە نەتوانراوە، مانای دەستبەرداربوون نییە، بەڵکو کوردایەتی دەرەقەتـی پیلانـەکان نەهاتـووە. شکسـتی کاتـی، هەڵسـانەوەی بەدوادا هاتووە. سـەدام بـەو دڕندەییە، لەژێـرەوە کوردسـتانیبوونی کەرکوکی دەسـەلماند، بەڵام لەسەرەوەڕا ئەو ناسنامەیەی نەدەسەلماند.

ئێسـتا عیـراق لە سـەروبەندی پێکهێنانی حکومەتـی داهاتوودایە، کـورد کارەکتەرێکی سەرەکی، کاریگەر و پرسپێکراوە، دەوەستێتە سـەر ئـەوەی چـۆن کورد سـازش لەسـەر

کەرکـوک نـەکات و لـەم قۆناغـەدا ئیدیعای وەرگرتنـەوەی لایەنـە کارگێڕییەکـەی بکات. بـۆ داهاتـووش، بەتـەواوی وەرگرتنەوەی لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی حەکیمانەی وەکو سیاسەتەکەی سەرۆک مام جەلال.

مەسەلەی کەرکوک، ڕەوا و ڕوونە، مێژوو سـەلماندوویەتی کەرکـوک کوردسـتانییە، تەنگوچەڵەمـەی زۆر لەسـەر ڕێگەی خەباتی وەرگرتنەوەی کەرکوک هەیە، دوژمن و پیلانی زۆر هەن، بـەڵام کوردسـتانیبوونی کەرکوک جێی مشتومڕ نییە. دوژمنانی کورد و کەرکوک ئەوە دەزانن، ماوەتەوە سەر لایەنەکانی کورد چۆن درێـژە بەو خەباتـە دەدەن و کەرکوک وەردەگرنەوە.

**٢٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١**

# (١٣)
# ئەی نووسینەکەی ناو دڵی کەرکوکییەکان چی لێدەکەن؟

لــە دوای پرۆســەی ئازادیــی عیراقەوە لە ساڵی ٢٠٠٣، هیچ سەرکردە و سیاسەتمەدارێک هێنــدەی تاقمــە شــۆڤێنییەکەی ئێســتای کەرکــوک، کاری بۆ ســڕینەوەی ناســنامەی کوردستانیبوونی کەرکوک نەکردووە. ڕەنگبێ لە خەویشــدا هەر بیریان لای ئەو کارەی بێت، بەڵام مێژوو ســەلماندوویەتی کــە ئەو کارانە بڵقی ســەر ئــاون و ئــەوەی دوژمنانی کورد

بــە کەرکوکی دەکــەن؛ لە کــون فەیەکونێکدا، پووچەڵ دەکرێنەوە.

خوێندنــەوەی مێــژوو، لــە پێــش هەمــوو کەســێکی دیکــەوە دوای نووســەرەکەی، بــۆ سیاسییەکان باشە، چونکە گەر ئەزموونەکانی مێــژوو نەبێتــە هۆی راســتکردنەوەی چەوتییەکانیان، ئەوا تووشــی شکستی گەورە دەبن و کۆتایی ژیانی سیاسیی خۆیان دەبینن.

تیمە شــۆڤێنییەکەی کەرکوک، بە بیانووی نۆژەنکردنــەوەی تابلۆی ســەر شــەقامەکان، کەوتوونەتــە پیلان لە زمانی کــوردی، زمانی مێژوو و خەڵکی کەرکوک، ئەو زمانەی راکان هەر ناشــتوانێت و ئیــرادە ناداتــە خۆی چەند وشەیەکی لێ فێربێت.

تەعریبکردنی تابلۆی شەقامەکان، فیڵە و لە تولەڕێی سیاســەتی تەعریبەوە هاتووە نەک سیاسەتی راســتکردنەوەی مێژوو. مێژوو بە بەڵگە و دۆکیۆمێنت سەلماندوویەتی، عوسمانییە تورکچییەکانیش لە نەخشــەی دەوڵەتەکەیاندا ئەو راستییەیان نەشاردووەتەوە، کەچی ئاغای

جبووری دێت بە فیلی تابلۆ دەیەوێت کەرکوک تەعریب بکاتەوە؛ دەشزانێت پێی ناکرێت، بە کوردیی بۆی ناچێتە سەر.

لە پەنای داوای کوردستانی بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتی پێکەوەژیان، بەشێک لە سیاسییە عەرەبەکان، تەعریبکردنەوەی کەرکوکیان کردووەتە دروشم و بە بەرنامە کاری بۆ دەکەن. ئەمە پێکەوەژیانە، یان چاندن و ژیاندنەوەی تۆوی دوژمنایەتی.

دوای هاتنەدەنگ لەو سیاسەتە، بیانووی لاواز هەیە و بڕیار وایە زمانی کوردیشی بۆ زیادبکەن، بەڵام پێویستە فشاربکرێت بۆ ئەوەی نووسینە کوردییەکە لە سەرەوە بێت، بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کەرکوک کوردستانییە و سەرەڕای تەعریبی چەند ساڵە، هێشتا هەر زۆرینەی کوردن.

شۆڤێنییەتی ئەوان نابێت ببێتە هۆکاری شۆڤێنیبوونی کوردیش، بەڵام ناشکرێت سازش لە داوا ڕەواکان بکرێت. ئاخر بیرکردنەوەکان جیاوازن، هیی کورد گەورە و سەردەمیانەیە،

هیـــی راکان جبووری و هاوسیاسەتەکانیشـــی زۆر بچووکن. کورد ئەوانی لەسەر خاکی خۆی لەبەر ئاشتەوایی و پێکەوەژیان قبووڵکردووە، ئەوانیـــش چونکـــە بیرکردنەوەیان تەســـکە و بڕوایـــان بـــە پێکەوەژیان نییـــە، دەچن تابلۆی شـــەقامەکان تەعریـــب دەکەن. ئـــەی چی لەو نووســـینەی ســـەر دڵی کەرکوکییەکان دەکەن کە نووســـراوە: کەرکوک شـــارێکی کوردی و کوردستانییە؟.

**٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢**

# (١٤)
# تەعریب لە عەرەفە و کوردایەتی لە بەغدا

ماوەیەکە، بەتایبەت لەو کاتەوەی عەرەبێک بووەتە پارێزگاری کەرکوک بە وەکالەت، وردە وردە و بە بەرنامە، لە شاری کەرکوک پرۆسەی تەعریب دەستیپێکردووەتەوە. نەبوونی پێشمەرگە لە کەرکوک و بوونی ژمارەیەکی زۆری حەشدی شەعبی و هێزە عیراقییەکانی تر، لەگەڵ نەبوونی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی تەواو کوردانەی دوور لە حزبایەتی، زیاتر

ڕێخۆشــکەرن بۆ خێراترکردنی تەعریبی نوێ لەسەر خاکی کوردان.

عەرەفــە یەکێکــە لــە گەڕەکــە کۆنەکانــی کەرکوکــی کــوردان، هەرچی ســتەمی بەعس هەبوو نەیتوانی رۆحی کوردایەتی لەو شار و گەڕەکە لاواز بکات. زۆر یاسای ستەمکارانەی لەســەر تاقیکرایــەوە، ســەرکەوتوو نەبوون. وا پرۆســەی شــوورەیی و تەعریب بەرانبەر خەڵکانێکــی کەمدەرامــەت و هەژار لــە چەند شــوێنێکی عەرەفە پەیڕەودەکرێت. ئەی لایەنە کوردییەکان بۆ بێدەنگن؟

کورد کە دەسەڵاتی کەرکوکی لەدەستدا بــوو، نــەیــکــردە هۆی قــووڵــتــرکــردنــەوەی کێشەکان. وەکو سەردەمی شاخ، لە شار و دوای لەناوچوونی ســەدام حسێنیش، هەر ویستی پێکەوەژیانی لەگەڵ ئەوانی تردا هەبوو. دەیویست بەپێی مادەیەکی دەستوور کێشەی کەرکوک و ناوچە کێشەلەسەرەکان چارەسەربکرێن. نابێت ئەوەش لەیادبکەین، لایەنە کوردییەکانیش لە بەڕێوەبردنی

کەرکوکدا هەندێک هەڵەی کوشندەیان کرد، کە وا خەریکە باجەکەی دەدەین.

شـەش مەندووبـی کـوردی کەرکـوک لە پەرلەمانی عیراقن، بە هەموو کوردیشەوە ٦٣ مەندووبمان هەیە، ئێسـتا کە عەرەفە تەعریب دەکرێت؛ لەسـەریانە کاری جدی لەسەر بکەن و ڕێگەی لێبگرن. دەبێت ئەوە بزانن کوردایەتی لـە بەغدا بـە جلوبەرگی کـوردی نییە، ئەگەر نەتوانن ڕێگە لە تەعریبی نوێ بگرن بە یاسـا و فشار؛ ئەوا یەک پوولی قەڵپ ناهێنێت.

تەعریبـی عەرەفە و کەرکـوک، پەیوەندی بـە زیادەڕۆییەوە نییە لەسـەر مـاڵ و موڵکی دەوڵەت، ئاخر تەنیا کورد خاوەنی کەرکوکە و چی خەڵکی تـری لێبێت هەموویان زیادەڕۆن، هەموویان نەفرەتیـان لەگەڵ خۆیان هێناوە و وا نزیکـەی ١٠٠ سـاڵە ژیانیان لە کەرکوک و کەرکوکییەکان و کورد ناخۆش کردووە. دەی ئیتـر با کۆتایی بێت و لـە ڕێگەی کوردایەتیی بەغداوە، تەعریبی عەرەفە رابگرن.

**١٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢**

# (١٥)
# گۆڕەکەی برایم خانی دەلۆ و سنووری کەرکوك

ســاڵی ٢٠١٦ وەک ئینســتتیوتیناریــن بــۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە، لە شارۆچکەی کفری بۆنەیەکی جیاوازمان بۆ یادکردنەوەی شۆڕشی برایم خانی دەلۆ سازکرد، چەندین وتار و بابەتی زانســتیی گرنگی تێدا خرایەڕوو. شتێکی گرنگ ســەرنجی خرایە ســەر، کە بــۆ بەڵگەدارکردنی ســنووری کەرکوک و کوردستان زۆر مانادارە و دەکرێت زیندووی بکەینەوە.

شۆڕشـــی بیســـت لـــە عیـــراق، بـــە زنجیرە قۆناغێکـــدا تێپـــەڕی؛ لە کوردســـتانیش شـــێخ مەحمودی حەفید بە گژ داگیرکەراندا چووەوە، لە سنووری کەرکوک و گەرمیانیش برایم خانی دەلۆ لەسەر داوای خەڵک و وەکو کەسایەتییەکی کاریگەری ناوچەکە، لە دەسەڵاتی ئینگلیزەکان راپەڕی، کفری و زۆر ناوچەی دیکەی ئازادکرد و ئینگلیزەکانی تەنگەتاو کرد. ئەگەرچی بەهۆی بەهێزیـــی ئینگلیـــز و کەمیی توانای لۆجســـتیی شۆڕشـــگێڕانەوە ســـەرکەوتنەکە زۆری نەخایاند، بەڵام بووە لاپەڕەیەکی پرشـــنگدار لە مێژووی بزووتنـــەوەی رزگاریخوازیی خەڵکی کوردستاندا.

رووداوێکی ســـەیر لە کۆتایی شۆڕشەکەدا روویـــدا، کە بۆ مێژووی کـــورد و دیاریکردنی ســـنووری کەرکـــوک و کوردســـتان بایەخـــی زۆری هەیـــە، ئەویش ئەمەیە: برایم خانی دەلۆ بەهۆی زۆریی تەمەن، ماندوێتی، نەخۆشـــی و نەبوونی چارەسەری پزیشکییەوە کۆچی دوایی دەکات، بۆ ئەوەی تەرمەکەی نەکەوێتە دەست

ئینگلیز، شۆڕشگێڕەکان تەرمەکەی دەبەن و لە شوێنێکی پەنهانیی سەر زنجیرەچیای حەمرین بەبێدەنگیی ئەسپەردەی دەکەن.

ئینگلیـزەکان بە مردنی زۆر دڵخۆشـدەبن، لەگەڵ ئەوەشدا کەفوکوڵی دڵیان دانامرکێتەوە و بڕیـاردەدەن تەرمەکەی لە گـۆڕ دەربهێنن و بـە مردوویی دادگایی بکەن. خۆشـبەختانە لـەو هەوڵەیانـدا سـەرکەوتوو نابـن. کاتێک شۆڕشـگێڕەکان بەو نیـازەی دوژمن دەزانن، دەمودەسـت خۆیـان کۆدەکەنـەوە و دەچـن تەرمی پیرۆزی سـەرکردەکەیان لە گۆڕەکەی دەردەهێنـن و هێندەی تر ئینگلیز لە بەدیهاتنی ئامانجەکەیان بێهیوا دەکەن.

ئەسـپەردەکردنی تەرمـی برایـم خانـی دەلۆ لەسـەر چیای حەمرین، لـە دواهێڵەکانی سـنووری کوردسـتان، هێما بووە بۆ ئەوەی ئەوێ سنووری کوردستانە، بۆیە تەرمەکەیان گۆڕغەریب نەکردووە و ویسـتوویانە بڵێن بە گیان، رۆح و خوێنی سەرکردەکەیان سنووری کەرکوک و کوردستان دیاریدەکەن.

ئـــەو بەســـەرهاتی ئەســـپەردەکردنە، لـــە ساڵانی بیستی سەدەی بیست و لە سەروەختی ئەوپەڕی بەهێزیـــی داگیرکاریی ئینگلیزەکاندا، بەڵگەیەکـــی مێژوویـــی تـــەواوە بـــۆ ئـــەوەی زیندووەکانـــی ئێســـتا، دوژمنانـــی ناوخۆیی و دەرەکیـــی کورد و کەرکـــوک، بزانن کەرکوک خاک و شارێکی کوردستانییە و نکۆڵیلێکردنی هیچ لە راستییەکان ناگۆڕێت.

دەرفەتێکی باشـــە ئەو بەســـەرهاتە بکرێتە بابەتێکـــی قسەلەســـەرکراو، بـــۆ ئـــەوەی هەم بیرەوەرییەکـــە زینـــدوو رابگیرێـــت، هەروەها بـــۆ ئـــەوەش بیـــری دوژمنانـــی کەرکـــوک و کوردســـتانی بخەینـــەوە کـــە کەرکـــوک کوردســـتانییە، سنوورەکەشی چیای حەمرینە و رۆحی برایم خانی دەلۆش شاهیدە.

**١٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢**

# (١٦)
# ئێمەش خاوەنی عەلی مەردانین

شەڕی ساغکردنەوەی چارەنووسی ناسنامەی کەرکوک، تەنیا لە ڕێگەی سیاسەتەوە ناکرێت، بەڵکو ئێمەی کورد لەو شەڕەدا دەتوانین پەنا بۆ عەلی مەردانیش ببەین. ئەو هونەرمەندەی هونەرمەندانی دیکەی فارس و عەرەب لێی دەپاڕانەوە فێری ئاواز و مەقاماتیان بکات، ئێ خۆ کردی و

بــووە خــاوەن شــانازیی بــۆ کوردســتان و کوردانی کەرکوک.

عەلی مەردان، بۆ ســەلماندنی ناســنامەی کوردســتانیبوونی کەرکوک، بەڵگەیەکی باشە. کاتێک ئەوان بە فیشەک دەیانویست کەرکوک دەســتەمۆ بکــەن، عەلی مەردان بــە مەقاماتی کوردی وەڵامی دەدانــەوە. ئەی ئەوە خەباتی زێڕیــن و کوردایەتــی نییــە لەبــری پڕکردنی مێشکی هاوشارییەکانت لە ژاوەژاو و تەقوتۆق، تۆ بێیت رۆحیان تژی بکەیت لە ئاوازی کوردی و مەقامی کوردانە. لەبری کوشــتوبڕ، تۆ بێیت گوێچکەیان سیخناخ بکەیت لە بەیت و وشەی کوردی. لەبری ناچارکردن بە گوێگرتن لە ناڵە و فیغــان، تۆ بتوانیت گۆرانیــی پێکەوەژیانیان بۆ بڵێیت.

ئــەو کاتــەی عەلــی مــەردان لــە رادیۆی کوردیــی بەغــدا دەبێــت، نــازم غەزالــی لێی دەپارێتــەوە فێــری چۆنیەتــی وتنــی مەقامی بکات؛ فێری دەکات، بەڵام نەمانبینی بۆ مێژوو سوپاسێکی بکات. لە رادیۆی کوردیی تارانیش

بە هەمان شـێوە. ئەمە دەرخـەری ئەوەیە کە کـورد هونەرەکەشـی خسـتووەتە خزمەتـی پێکەوەژیانـەوە، بانگی شـەڕ و نەتەوەچێتیی نەکـردووە، بەڵکـو ئاوازی بـۆ لێبووردەیی و پێکەوەژیان چڕیوە.

ئێمـە داوای کەرکـوک ناکەینـەوە، بەڵکـو هیـی خۆمانـە و وەریدەگرینـەوە. هێـز و توانـای زۆرمان نییـە، مێژوو فشـار دەخاتە سـەر نەیارەکانمان، چەنـد بکوژبن، ئێمە هەر ئاشـتیمان دەوێت، سـروود و مەقامی ئازادی و پێکەوەژیان دەچڕین. ئەوان عەلی حەسـەن مەجیدیان بۆ کوشـتنی کورد ناردە کەرکوک، ئێمـەش لەگـەڵ خەباتـی ئازادیخوازیـی، هونەرمـان کـردە نموونـەی پێکەوەژیـان. چ کووچـە و کۆڵانێکی کەرکـوک هەیە پڕ نەبێت لە ئاوازی کوردانەی عەلی مەردان...

**١٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢**

# (١٧)
# دۆکیۆمێنتکردنی چیرۆکەکانی کەرکوک

لە مێـژووی داگیرکردنی کەرکوک و پێش دروسـتبوونی دەوڵەتی بەزۆر دروستکراوی عیراقیشـەوە، دەیـان تـاوان لـەو شـارەدا ئەنجامـدراون و بوونەتە چیرۆکـی پەنهان و ئاشکرای ژیانی خەڵکی شارەکە، رەنگە هەشیان بێـت بـەهۆی تێپەڕبوونـی ماوەیەکـی زۆر بەسـەریدا، لەناوچووبێت و دۆکیۆمێنتکردنی ئەستەم بێت.

لەبەر ئەوەی کورد زۆرینەیە لە شارەکە و خاوەنی راستەقینەی کەرکوکە، بۆیە زۆرینەی تاوانەکانی دژ بە دانیشتوانی شارەکە؛ کوشتن، بڕین و جینۆسایدکردنی خەڵکەکەی، تەبعیس و تەعریبی شارەکەش هەر لەسەر کورد جێبەجێکراون، کە زۆرینەیان هێشتا لە بیرەوەریی خەڵکی شارەکەدان.

دۆکیۆمێنتکردنی رووداو و چیرۆکە تراژیدییەکانی سەر کورد، کەرکوک و ناوچە کودستانییەکانی دیکەش، بۆ ئێستا و داهاتووش گرنگیی زۆری هەیە. ئەرکی گرنگی وا شایانی پشتگوێخستن نییە، بەڵکو بەڵگەی گرنگن و زێڕی رەشن بۆ سەلماندنی ئەوەی کورد لەسەر خاکی کەرکوکی کوردان چۆن جینۆساید کراوە و هێشتاش هەر ئەوە داوای پێکەوەژیان و ئاشتیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نێوان خۆی و کەمینەکانی دیکەی کەرکوک دەکات.

بەعس بۆ ئەوەی کورد بێدەنگ بکات، زۆر سیاسەتی لەسەر تاقیکردەوە؛ چیرۆکی تەعریبکردنی زمانی کوردی و بە عەرەبیکردنی

خوێندن لە عیراق و کەرکوک، ماوەیەکی دوور نییە و شایەتحاڵی زۆر لەو بارەیەوە هەیە. ئەمە لەگەڵ مافی مرۆڤ و جیهانی ئازاد پێچەوانە بوو. لووتکەی ستەم ئەوەیە نەتەوەیەک ناچاربکەیت واز لە زمانی ڕەسەنی خۆی بهێنێت و بە زمانەکەی تۆ بخوێنێت و قسە بکات.

یادکردنەوەی بۆنەکان، قەدەغەکردنی جلی ڕەش و هێشتنەوەی ریش لە گەنجە کوردەکان، سیاسەتی نادروستی بەعس بوو لە دژی کورد، سەرەنجام سەری خۆشی خوارد و لە ساڵی ٢٠٠٣ ژیانی سیاسیی ناشیرینی کۆتایی هات.هەرچەندە زیندانەکانی کەرکوک زۆر ترسناکبوون، بەڵام لەوەشدا بەعس بەرانبەر کورد دۆڕاندی. ئامانجی بەعس تێکشکاندنی ئیرادەی کورد و ناچارکردنی بەژێردەستەیی بوو، کەچی هەر کوردێک دەخرایە نێو زیندان، یان دەگەیشتە پلەی شەهادەت، یان زیندانی دەکردە قوتابخانەی کوردایەتی، یان هێندە ئازایانە رووبەڕووی جەلادەکان دەبووەوە؛ لێی بێهیوا دەبوون و ئازادیان دەکرد.

دەتوانرێت چەندین فیلمی بەڵگەنامەیی تەنیا لەسەر دروشمەکانی: کوردایەتی، شۆڕش، ئازادی، نەفرەتکردن لە ستەم، فیداکاریی لەپێناو کوردستان کە لەسەر دیواری زیندانەکان دەنووسران، بەرهەم بهێنرێن. جەخار کە تائێستا نەکراون.

دایکان و کەسوکاری پێشمەرگە چۆن ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی دەدران، فرمێسکی قەتیسماوی چاوی خوشکانی دەروون پڕ خەمی شەهیدان، ئەی بەڵگەدارکردنی هەناسەی پڕ سوێی باوکان کە لەتاو فیراقی کوڕەکانیان بەدەم تەسبیحاتەوە لەسەر جێگەکەیان تا درەنگانی شەو خەویان لێنەدەکەوت؛ بۆ مێژوو گرنگ نین، وا تائێستا نەکراون!؟

لە ئەنجامدانی ئەرکی نیشتمانیی بەڵگەدارکردنی چیرۆکە مەرگەساتاوییەکانی کەرکوک، زۆر درەنگ کەوتووین، حەقە لە سبەینێوە دەستپێبکەین.

**١٦ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢**

# (١٨)
# ڕەمەزانێکی سیاسیمان پێویستە

دەگێڕنەوە، جاران، سەردەمی باب و باپیرانمان، لە زۆر شوێن، بەتایبەت مەبەستی من شاری کەرکوکە، بێ جیاوازی خەڵکی بۆ شەوچەرە کۆدەبوونەوە و چەندین جۆر یارییان دەکرد، براوە و دۆڕاو هەر بۆ خۆشیی بووە، دەنا ئامانجە گەورەکە؛ زیاتر ناسین و لەیەکتر نزیکبوونەوە بووە، تەنانەت چەندین جۆر شەڕ و ناخۆشیی پێشتریش تێیاندا چارەسەرکراون.

نەتـــەوەی کـــورد، لەگـــەڵ ئـــەوەی خاکی کەرکوکـــی لـــێ زەوتکرابوو، بـــەڵام زیاتریش نەرمیی نوواندووە، ئەمەیان نەک لەبەرئەوەی بێهێـــز بـــووە، بەڵکو بـــەهۆی ئـــەوەی بڕوای زۆری بە پێکەوەژیـــان هەبووە. لە زۆر مافی خۆی بووردووە، بـــەس بۆ ئەوەی عەرەب و تورکمان بە ئاشتی لە شارەکەدا بژین. هەڵبەت هەردوو نەتـــەوەی هاوردەکـــراو نـــا، بەڵکـــو ئەوانـــەی لەبەر هۆکاری دەوڵەتیی، حکومەتی عوســـمانی لەوێ نیشـــتەجێی کردبـــوون، کە زۆر و مەترسیداریش نەبوون وەکو ئەوانەی بەعـــس لە چوارچێـــوەی پرۆســـەی تەعریبدا لەوێ نیشتەجێی کردبوون.

شـــەوچەرە، لـــە چواچێـــوەی ســـرووتە کۆمەڵایەتـــی و ئایینییەکانـــدا بـــوو، کوردەکان بـــۆ ئـــەوە دەستپێشـــخەربوون، دەیانویســـت ژیانیان پێکەوە بگوزەرێنن. ســـەرەڕای ستەم و زۆرداری لەســـەریان، کەچی هێشـــتا ئەوان ویستوویانە ئەو ویستەیان لا دروستبکەن کە ژیان هێندە درێژ نییە بە کینە و شـــەڕەنگێزیی

بەڕێی بکەن. دەی چیدەبێت رۆژانی سیاسەتی کینەلەدڵییش وەکو شەوچەرەی شەوان پێکەوەبن، ژیان بەشی خۆشەویستی زیاتر تێدایە تا رق و کینە.

شەوچەرەکان پڕ بوون لە وتنەوەی مەقامەکانی کوردی، عەرەبی و تورکمانیی رەسەن، بێئەوەی تانە لەیەکتربدەن، دەوترانەوە. ئەوان بیریان لای هەستی ناسیۆنالیستیی توندئاژۆ نەبوو، بەڵکو مرۆییانە و وەکو یەکەیەکی یەکسان بیریان دەکردەوە و ئاوێزانی یەکتر بووبوون.

ئەو دۆخە لەسەر حزبەکانی کوردستان تاقیبکەرەوە، پێیان بڵێ بۆ جیاوازیی سیاسیی لەسەر شێوازی شەوچەرەی کەرکوکییەکان دانارێژن، با زۆر دووریش بن لە یەکتر، خۆ ئامانجی پێکەوەبوون و ژیان لە شەڕ و دووبەرەکی گرنگترە. ئەی کەستان نازانن پێکەوەکارکردن گرنگترە!

کەرکوک، کە ئێستا مەترسیی زۆری لەسەرە، پێویستی بە نەرمی نوواندن بۆ

کارکردن و سیاسـەتی پێکەوەیی هەیە، راستە سیاسەت یاریکردنی شەوچەرە نییە، بەس خۆ بۆ باشترکردنی ژیانی کەرکوکییەکان، هەموو لایەک پێویستمان بە تەبایی و دوورکەوتنەوە لە کینە و شەڕوشـۆڕ هەیە. بۆ ناچن مێژووی کەرکوکییەکان بخوێننەوە!؟

جیاوازیـی سیاسـیی گرنگە، ئـەوە مانای فرەیی سیاسی دەگەیەنێت، بەس لەپێناو دۆزی رەوای کەرکوک و ئاشتکردنەوەی ئەوانی تر، کۆبوونـەوە لە دەوری یەکتـر و گوێگرتن لە یەک، نەک هەر گرنگە، بەڵکو زۆر پێویسـتە و ناکرێت بە توندئاژۆیی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. دەی چاوێـک لـە شـەوچەرەی کەرکوکییـە رەسەنەکان بکەن، زیان لە نیوەی، قازانجە.

**٢١ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢**

# (١٩)
# گفتوگۆ
# لەسەر شوناسەکەی ناکەین

لای نەتـــەوەی کـــورد، کەرکـــوک کوردســـتانییە. ئەوە گفتوگۆی لەسەر ناکرێت، بەڵام بۆ ئەوانەی شوناسی کوردیی کەرکوک قبـــووڵ ناکـــەن، دەکرێـــت بەڵگـــەی مێژوویی کوردستانیبوونی کەرکوکیان پیشانبدرێت، بۆ ئـــەوەی نەڵێن کـــوردەکان هەر لە خۆڕا دەڵێن کەرکوک شاری ئێمەیە.

نەسەلماندن، ئەگەر بنەمای هەبێت، قبوولکراوە. بەس مادام بابەتەکە دەرەنجامی تەعریب و تەبعیسە، ئەوا دەگۆڕێت بۆ خواستی داگیرکاری و خۆسەپاندن. جا کوا لە مێژوودا هەبووە کورد خۆی رادەستی ویستی داگیرکاری کردبێت؟ نەک نەیکردووە، بەڵکو بە هەموو شێوەیەک رەتیشیکردووەتەوە. ئەمە جەسارەتی نەتەوەیەکە کەوا سەد ساڵە بە ئاگر و ئاسن لە سەری دەدەن.

مورافەعە گەورەکەی سەرۆک مام جەلال، بۆ موساوەمە لەسەر کوردستانیبوونی شوناسی کەرکوک نەبوو، بەڵکو بۆ کردنەوەی چاوی داخراوی عەرەب و تورکمانە شۆڤێنییەکان بوو؛ ئەوانەی هەر گوێیان لێبێت بڵێیت کەرکوک شارێکی کوردستانییە، لە جەڵتە لێدان نزیکدەبنەوە.

قاموسی عوسمانلی، کەوا دەسەڵاتەکەیان چەندین ساڵ بە ناڕەوا لە کەرکوک فەرمانڕەواییان کرد، ناڵێت کەرکوک لەسەر

نەخشـــەی کوردســـتان نییـــە. ســـەرۆک مـــام جەلالیـــش ئـــەو راســـتییەی پێوتنـــەوە، کەچی تائێســـتاش شـــۆڤێنیی وا هەیـــە هەر خۆی لە گێلـــی دەدات. کورد راســـتییەکانت پێدەڵێت و تۆش لەبەرئەوەی رقئەستووری، نایسەلمێنی. ئۆباڵـــی نەزانیت، لە ئەســـتۆی خۆتـــە و کورد هیچ خەتایەکی نییە.

زیاتـــر لەســـەر رۆیشـــتن بۆ ســـەلماندنی راســـتییەک لەلایـــەن خاوەنەکەیـــەوە، مانای گومانکردنە لە ئەســـڵ و فەســـڵی راستییەکە. کـــورد نابێـــت ئەوە بـــکات، بەڵکـــو پێداگریی لەســـەر وەرگرتنـــەوەی کەرکـــوک، ئەســـڵە. ئەمڕۆ یان ســـبەی دەگەینە مەقســـەد، مادام ئێمـــە خاوەنـــە ئەســـڵییەکەی کەرکوکیـــن، دەســـتبەرداری نابین، بۆ ئـــەوەش قوربانیی زۆرمان داوە و دەدەین.

**١ی شوباتی ٢٠٢٢**

# (٢٠)
# گەڕانەوە بۆ کەرکوك و قەرزەکانیش ئاسان نادرێنەوە

هەر کوردێـک بگریـت، باسـی دۆزی لەمێژینـەی کەرکوکی لەگەڵ بکەیت، بێ سـێ و دوو، پێـی وایە بێ جیـاوازی و بە بەرنامە، رژێمـە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق؛ جا ئیتر سـەردەمی حوکمی پاشایەتی، یان کۆماری و تائێستاشی لەگەڵدا بێت، ستەمیان لە کەرکوک و کەرکوکییەکان کردووە، مێژووش گەواهیی ئەو راستییە دەدات.

لەگــەڵ ئەوەش، راســتییەک هەیــە هەر بۆ ئەوە گونجاوە لەپێناو راســتکردنەوەی دۆزی کەرکوک و کوردایەتیدا بە شــانازییەوە باسی بکەین؛ وا دەبێتە ســەد و یەک ســاڵ هەرچی پیلان و سیاسەتە لەسەر کەرکوک تاقیکرایەوە، کەچی هێشــتا کەرکوک هەر کوردســتانییە و خۆی رادەستی تەعریب و تەشەیوع و ستەمی داگیرکەران نەکردووە، ئەمە بۆ؟

خەڵکــی کەرکوک زۆر ســتەمیان لێکراوە، دوای پرۆســەی ئازادیی عیراقیــش، ئیدارەی کــوردی هەر نەیتوانــی لــە ئاســتی مێژوو و بەرپرســیارێتیی نیشــتمانیدا خزمەتیان بکات، گلەییەکی دروستە و حەقە لە خۆمانی بکەین.

مــادام دۆزی کەرکــوک چەقــی خەباتــی شۆڕشەکانی کورد بووە، ئیتر بۆچی پرسیاری ئــەوە نەکەین: چــی وایکرد دوای ســەدەیەک نەتوانرێــت کەرکــوک وەربگرینــەوە؟ بۆچی هێشتا خەڵکی کەرکوک ستەمی داگیرکەرانیان لەســەرە و خەڵکەکەشی ئەســیری سیاسەتی دژە کورد و کەرکوکییەکانن؟

بەردەوامیی ستەم لەسەر خەڵک و ناسنامەی کوردستانیی کەرکوک، پرسیاری جدی لەسەرە؛ ئایا بەردەوامیی ستەم دەبێت رەشبین و پشووکورتمان بکات و گومانی دەستبەرداربوونی دۆزی رەوای کەرکوکمان لا بکاتە حەقیقەت، یان نەخێر، سەرۆک مام جەلال وتەنی: «نەسرەوتن تا سەرکەوتن.»

خەبات بۆ وەرگرتنەوەی کەرکوک و گەڕاندنەوەی بۆ سەر نەخشەی هەرێمی کوردستان؛ قەرزە لەسەر هەر کوردێکی رەسەن، قەرزێک کە بۆ وەرگرتنەوەی یەک بستی خاکی کەرکوک، بەخشینی چەند رۆحی پێویستە. ئەگەر وەرگرتنەوەی کەرکوک رۆحی هەمووشمانی پێویست بێت، دەبێت بێ دوودڵیی ئەرکی نەتەوایەتی خۆمانی لە بەرانبەر جێبەجێ بکەین، ئەوە قەرزی نەتەوایەتییە و لە گەردنی هەموومانە.

**٨ی شوباتی ٢٠٢٢**